لیستی یەکگرتوو ٣١٥

بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان دەنگ بە (٣١٥) دەدەین..

یەکگرتوو
www.yakgrtu.org

ژمارە (٧٧٩) پێنج شەممە
٢٠١٠/٢/٢٥ ز
٦ی (ڕەشەمێ)ی ٢٧٠٩ی کوردی
١١ی (ربیع الاول)ی ١٤٣١هـ
ساڵی پانزەهەم

نرخی (٥٠٠) دینارە

25- Feb. -2010
- No. (779)
fifteenth Year
Kurdistan - Iraq

کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:
ئێمە بووین کارمان کرد لە سەرخستنی یاسای فیدراڵی و چەسپاندنی داهاتی هەرێم و موچەی پێشمەرگە

لەسەروبەندی پێشوازی هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)دا جەماوەری کوردستان بەئومێدی دووبارەکردنەوەی کوتلە سەرکەتووەکەی یەکگرتوو لەچوار ساڵی ڕابردوودا، چاویان بڕیوەتە کاندیدەکانی لیستی(٣١٥) ی یەکگرتوو، دەربارەی ئەو شایەتیەی سەرکەوتنی کوتلەکە لە ڕابردوودا (د.محەمەد ئەحمەد) سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ **یەکگرتوو** وتی: "هەموو کەس شایەتە، سەرۆکی هەرێم شایەتی داوە نەك لەناوخۆی عێراق، بەڵکو لە واشنتۆنیش، جەنابی سەرۆکی هەرێم دووجار بە ڕەسمی لەکۆبونەوەی لەگەڵ هەردوو کوتلەکەدا ستایشی ڕۆڵی یەکگرتووی کرد، هەر لەسەر ئەو ئەساسەش بوو مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبەکە بڕیاریاندا وەزارەتی (داد)ی عێراق بۆ یەکگرتوو بێت، بەڵام مالیکی ڕازی نەبوو لە ترسی جدی بوونی یەکگرتوو لە وەزارەتەکەدا" هەروەها وتیشی: "بە تۆمارکراوی لامانە کە ئەندامانی پەرلەمانی هەردوو حیزبەکە لە هاوپەیمانی شایەتیان داوە کە ئێمە لەسەنگەری داکۆکیکردن لە میللەتەکەماندا بووین و لە تەلەفزیۆنەکانیشەوە دەبینین" دووپاتیشی کردەوە"ئەو هەڵوێستانەی هەموو لایەك باش دەزانن لەسەرخستنی قانونی فیدراڵی لەروبەروبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی تەمموز، لە مەسەلەی کەرکوك و مادەی(١٤٠) و پێکەوە سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، هەروەها پێکەوە بۆ چەسپاندنی داهاتی هەرێم، بۆ چەسپاندنی موچەی پێشمەرگە، بۆ ڕوبەڕوونەوەی ئەوانەی ناشایستەییان دژ بە کورد کرد لە موسڵ، ئەوانەی ویستیان سەروەری ئەم هەرێمە پێشێل بکەن، لەسەروی هەموو شیانەوە یاسای هەڵبژاردن لە هەرسێ قۆناغەکەدا" ڕاشیگەیاند "زۆر جار عەرەبە ئیسلامیەکان گلەییان کردوە کە ئێوە ئیسلامین، بەڵام هەڵوێستە نەتەوەیەکانتان دیارو زیاترە، هاوپەیمانی خۆشیان دەزانن هەڵوێستەکانی ئێمە لانیکەم وەك هەڵوێستی ئەوان بووە ئەگینا ئێمە توندتر و جدیتر بووین لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا" سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو باسی مەسەلە خزمەتگوزاریەکانیشی کرد لە "بەکارخستنی یاسای دەرکراوە سیاسیەکان، شەهیدان، زیندانی سیاسی، کەم ئەندامی، قەرەبووکردنەوە کە ڕۆڵی سەرەکیمان بووەو هەڵسوڕێنەری ئیشەکە بوون"... ل٢

هەولێر بەشداری چالاکییەکانی لیستی (٣١٥) دەکەن...

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو ڕوونکردنەوە یەکی گرنگ ئاراستەی جەماوەری کوردستان و لایەنەکان دەکات.. ل٦

یەکێتی زانایان ڕوو لە پارچە پارچە بوونە..

پاش ئەوەی بە ئامادەبوونی (٢٦٧) ئەندامی یەکیەتی زانایان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆنگرەی یەکگرتنەوەی لە شاری هەولێر ساز کرد، بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن، یەکێتی زانایان ڕوو لە پارچەپارچەبوونە.

مامۆستا (ئیدریس کەریم ـ ئەندامی مەکتەبی زانایانی یەکگرتوو) لە لێداوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕایگەیاند کە وەفدێکی یەکێتی زانایانی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ (مام جەلال ـ سەرۆك کۆماری عێراق) کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە و داوایان کردووە کە ئەو دەستە (٣١) ئەندامییەی کە هەڵبژێردراوە، بە ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکان بێت، چونکە ئەو بەڕپرسی لقانەی یەکێتی زانایانی سەر بە یەکێتی لە شارەکانی کۆیە و هەڵەبجە و چەندین شوێن دەرنەچوون و تەحەمول ناکەن بەڕپرسێکی لایەنێکی تر لەو شوێنە بێت.
هەروەها وتی: پێویستە بەڕپرسی لقەکانیش لەو کەسانە بن کە لەو کۆنگرەدا هەڵبژێردراون، ئەوانیش تەحەمولی ئەوە ناکەن لە کۆیە بەڕپرسی لقی یەکێتی زانایان لە یەکگرتوو یان هەر لایەنێکی تر بێت، ئێستا خەریکی ڕێکەوتنن لەگەڵ پارتیدا و دەڵێن ئەوانەی کە دەرچوون، هەرهەموویان ئەندامی هەیئەی ئیدارین، بەڵام بۆ ئەو لقانەی دەڤەری یەکێتی نیشتمانی ئێمە خۆمان لێپرسراوی لق دیاری دەکەین.
سەبارەت بە ڕازیبوونی دەستەی هەڵبژێردراویش، ناوبراو وتی:یەکێتی زانایان بەو شێوە کارە ڕازی نابێت، چونکە هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك بەڕێوەچووە و هیچ گرفتێکی تێدا نەبووە،بە دەنگدانیش بێت، ئەوان کەمینەن و ناتوانن هیچ بڕیارێك بگۆڕن.
جێگای ئاماژەپێدانە ئەنجامی کۆنگرەکەش بەم شێوەیە بوو (پارتی ١٥ و یەکگرتوو ٥ و یەکێتی ٢ و کۆمەڵ ٢ و بێ لایەنیش ٥) کەس دەرچوون، کە (٣) کەس لەوانە هاودەنگن لەگەڵ زانایانی یەکگرتوودا، ئەندامەکانی یەکگرتووش بریتین لە مامۆستیان (ئەحمەد شافعی و محەمەد نەسروڵلا و نەجمەددین وادی و عەبدولوەهاب چەمچەماڵی و ئیسماعیل دیرێ).

پاڵێوراوانی یەکگرتوو بناسە..
ل ١٥-١٦

لیستی دەسەڵات بە توندوتیژی وەڵامی بانگەشە مەدەنییەکانی (٣١٥) دەداتەوە

لەدوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستی پێکرد، داموودەزگاکانی لیستی دەسەڵات دەستیان بە پێشێلکردنی یاسا کرد، بە هێرشکردنە سەر پەیامنێری دەزگاکانی یەکگرتوو و دەستگیرکردنی ئەندامانی.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە کاتی ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوە و هەڵواسینی پۆستەرەکان لە شاری (زاخۆ)، (٩) ئەندامی یەکگرتوو دەستگیر کران و بۆ ماوەی (٤) ڕۆژ لە زیندانداما نەوە. ئەم مامەڵەیەی دەزگاکانی سەر بە لیستی دەسەڵات مامەڵەی یەکەم جاریان نییە، کە هەمیشە قانوون و یاساکان دەبەزێنن، بەبێ هیچ بڕیارێکی لەوەوپێشی دادگا، ئەندامانی یەکگرتوو ڕاپێچی زیندان دەکەن. بە هەمان شێوە لە کاتی کەرنەڤاڵی بانگەشەی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو لە شاری هەولێر، تەقە بەسەر پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی (سپێدە)دا کرا. جێگەی باسە تا ئەم ساتەوەختەش حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم بێدەنگن لەئاست ئەم پشێوییانەدا. ئەمە و ڕۆژنامەی **یەکگرتوو** پەیوەندی کرد بە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڵام بە بیانووی ئەوەی ئەم کێشەیە پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە، هیچ لێدوانێکی نەدا. جێگەی باسە پەیوەندیمان بە وەزارەتی (نارخۆ) کرد بەڵام بەهەمان شێوە وەڵامی نەبوو.

کوتلەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان:
نامانەوێت بەناوی فەرمانبەرانەوە لە بودجەدا کون وکەلەبەرەکانی گەندەڵی بشاردرێتەوە

بۆ ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو (٢٢-٢٣-٢/٢٤) پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی نائاسایی دا دوای چەند هەفتەیەك تاوتوێکردنی لەلایەن لیژنەکانەوە، گفتوگۆی بۆ بودجەی هەرێم کرد، لە کۆبونەوەی ڕۆژی یەکەمدا پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن ڕێگریان لێ کرا لەقسەکردن بۆیە ناڕەزاییان دەربڕی و داوایان کرد کە کراوە بێت بۆ هەر ئەندامێك، (سەمیر سەلیم) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو و ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابوری، بۆ یەکگرتوو ڕایگەیاند "هەردوولا سەرۆکایەتی و ئۆپۆزسیۆن سوور بوین لەسەر ڕای خۆمان بۆیە دانیشتنەکان دواخرا بۆ سێ شەممە" دەربارەی دووەم ڕۆژیش وتی"بینیمان شێوازی تازەتر هەیە بۆ کۆبوونەوەکە ئەویش دەرکردنی پەیامنێرەکان و ڕۆژنامەنوسانە لەهۆڵی پەرلەمان، ئەمەش شەفافیەتی پەرلەمانی دەکوشت، بۆیە وێڕای داکۆکی زۆری ئێمە، تا واقیعی کۆبوونەوەکان بۆ هاوڵاتیان بگوزرێتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکەی"، ئەگەرچی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو داوای بەڵگەی دەرکردنی ڕاگەیاندنی کرد، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنها ڕێکخستنی هۆڵەکەی بە بەڵگە هێنایەوە، ئەمەش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە قبوڵ نەکرا، بۆیە هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی کۆبونەوەکەیان کرد.
سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ڕایگەیاند"نامانەوێت وەك ساڵانی ڕابردوو بودجە لە ژوورە تاریکەکان و دوور لە چاوی کامێراکان بڕیاری لەسەر بدرێت".
(سەمیر سەلیم) دەربارەی درێژەی کۆبونەوەکان بۆ یەکگرتوو وتی"قسەی خۆمان لەسەر بودجە کردو ڕامانگەیاند کە داهاتەکان شەفافیەتی تێدا نیە، تەنها داهاتی (١٧٪) ی بەغدا شەفافیەتی تیایە ئەویش بەغدا خۆی ئاشکرای کردووە.... ل٢